



# هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری رچەشکێنە یان هەڵبەستراو

"هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری، کتێبێکی سەرنجڕاکێشە و تا ئێستا ئەدەبی کوردی نموونەی وای بەخۆیەوە نەبینیووە، مەگەر لەسەر ئاستی ئەدەبی میللەتانی دیکە، نموونەی لەم شێوەیە رووی دابێت، وەك ئەوەی لە نێوان نازم حیکمەت و کوڕەکەی روویداوە".

زاهیر رۆژبەیانی ــ نووسەر و رەخنەگر، بەو تێڕوانینە باس لەو کتێبە دەکات و لەو بڕوایە دایە شێرکۆ لە رووی تەکنیکی نووسین و زمانەوە، هیچی لە باوکی کەمتر نییە" شێرکۆ توانایەکی بەرزو باڵای هەیە لە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، بەو پێیەی لە ئەوروپا دەژییێت دەبێ زمانی دیکەش باش بزانێت. بۆیە بڕوام بە توانای رۆشنبیری شێرکۆ هەیە و مرۆڤێکە دەتوانێ تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی بۆ شتەکان هەبێت. بەڵام بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە نەرێنییە بۆ باوکی؟ هەمیشە وا کەوتۆتەوە خەڵکی باوکی خۆی بە نموونە دادەنێت و هەوڵ دەدات لە کەسایەتی ئەو نزیك بێتەوە، یان لەسەر هەمان ئاست درێژە بە کەسایەتی خۆی بدات، یاخود تێیپەڕێنێ".

بەبۆچوونی ئەو نووسەرە، شێرکۆ قوربانی سیاسەتێکی چەوتی پەروەردەییە لەنێو ماڵی هەژارداو دەڵێت" رەنگە مامۆستا هەژار بەهۆی سەرقاڵییەوە نەیتوانیبێت سەرپەرشتییەکی راستەوخۆی شێرکۆ بکات. یان ئەوەتا هەژار بۆخۆشی توندوتیژی لەبەرامبەر نواندووە". ئەو هۆکاری دروستبوونی ئەو دیدە رەخنەگرییەی شێرکۆی بە پەیوەندییەکی ناتەندروستی نێو ئەو خێزانە بەستەوەو وتی" کتێبەکە بەرەنجامی ململانێی قابیل و هابیلە، ململانێی شێرکۆ و خانییە، بەڵام هەژار باجەکەی دەدات. لەگەڵ ئەوەش لەسەر شێرکۆ نییە هەموو نهێنییەکانی باوکی، یان برادەرەکانی باوکی بڵاوبکاتەوە، شێرکۆ بەو شێوەیە تۆڵەی خۆی لە خانی دەکاتەوە، تا هەژار. ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە هەژار بەدەستی دایکی خانی، جیاوازی لەنێو منداڵەکان کردووە. ئەم جیاوازییەش ئاکامی خراپی دەبێ، باوك بەو پێیەی بۆ خۆی دەسەڵاتێکی نەخوازراوە لەماڵ، لە هاوکێشەکەدا بە زەرەرمەند لێیدەردەچێت".

زاهیر رۆژبەیانی زیاتر لەسەر ئەو شێوازە دەوەستێ و پێیوایە ئەوەی شێرکۆ لە دوو توێی کتێبەکەی باسی دەکات ژیانی تایبەتی هەژارە، ئەگەر راستیش بێت پێویست نییە رای گشتی بیزانێت "من ئەو کارەی شێرکۆ بە رەوا نازانم و لام وایە ئەگەر هەژار لە ژیان بووایە دەیتوانی داکۆکی لە هەقی خۆی بکات، یان بە تۆمەتی ناوزڕاندن و سوکایەتی پێکردن لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار بکات".

ئەو لای وایە شێرکۆ بەم کارەی و لەسەر حسابی هەژار خۆی پێگەیاند و خۆی ناساند" شێرکۆ لەو کتێبەیدا تەنها باسی باوکی نەکردووە، باسی برادەرەکانیشی کردووە، باسی کۆمەڵێك سیمبوڵی ئەدەبی و هونەری و گۆرانیبێژو خەڵکێکی زۆری کردووە، ئەو لە گێڕانەوەی رووداوەکان پێدەچێت زاکیرەیەکی وردی هەبێت، قسەی کەسەکان دەگێڕێتەوە، من هەندێکیان دەناسم، دەڵێیت خۆیەتی. هەڵسەنگاندنێکە ئەگەر مەبەستی نەبێت لەوەی پێمان بڵێت ئەوانە لە دابونەریتی ئیسلامی دەرچوونەو لە دەرەوەی ئەو جوغزە کاریان کردووە، یان غەرەزێکی سیاسی لەپشتەوە نەبێت،

بۆ رازیکردنی دەوڵەتی ئێران بۆ نموونە، سەرکێشییەکی نووسینی کردووە، لەسەر حسابی باوك و برادەرەکانی باوکی".

هاوکات بۆ ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردەواری زیانێکی گەورە بە کەسایەتی هەژار دەگەیەنێ، نەك بە ئەدەبەکەی، یان بە توانا زمانەوانییەکەی" تا ئێستا لەناو کوردەوایدا باو بووە بەرهەم بە درێژەپێدەری کەسایەتی نووسەر گرێدراوە، لەم ئاستە هەژار زیانێك دەکات، لە راستگۆییەکەی کەم دەبێتەوە، بەلام ئەو کتێبە بۆ داهاتوو خزمەتی دەکات، نەك ئەوەی زیانی پێبگەیەنێت. ئەمەش بەو مانایەی ئەوەی شێرکۆ باسی کردووە ژیانی تایبەتی هەژارە، هەژاری مرۆڤ، نەك هەژاری شاعێر و تێکۆشەر. کە یەك لایەنە لە ژیانی مرۆڤ دا". ئەو جەخت لەو بۆچوونەی دەکاتەوە دەڵێت" لە مێژووی میللەتان بگەرێیت باوەڕناکەم نووسەرێك، هونەرمەندێك، رابەرێکی سیاسی گەورە هەبێت، دووربێت لەو شتانەی خراونەتە پاڵ هەژار. بەلام کۆمەڵگای ئێمە ئێستا قبوڵی



## کتێبەکە بەرەنجامی ململانێی قابیل و هابیله

**زاهیر رۆژبەیانی**

ناکات، هەرچەند دڵنیام رۆژێك دێت کۆمەڵگای ئێمەش هەژار وەك مرۆڤێك دەبینێت، حەزی هەیە، خۆشەویستی دەکات، تووڕە دەبێت، هاوسەنگی تێکدەچێت. بەتایبەتی بۆ کەسێك کە ئاوارە و دەربەدەر و شارانگەڕ بووەو هەمیشە لەژێر چاودێری و کاریگەری راوەدوونان خۆی بینیووەتەوە. دڵنیام مرۆڤ لە بارودۆخێکی وادا ئەو مرۆڤە نابێت کە لە بارودۆخێکی ئاساییدا ئەژیت. هەژار بە ساڵان لە ماڵ و منداڵی خۆی بەدوور بووە و بە ساڵان برسی و هەژار بووە و بێکەسی و بێ ژنی دیوە، باوەڕناکەم مرۆڤ لە بارودۆخێکی وادا بخرێتە قەفەس. بۆیە پێموایە لە داهاتوودا ئەو کتێبە ئەو کاریگەرییەی لەسەر هەژار نامێنێت. هەژار وەك بەهایەکی هونەرکار و تێکۆشەرو خەباتکار، رێژەیەکی جێگیری هەیە لەناو کارە ئەدەبییەکانیدا".

لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەشی رۆژبەیانی لای وایە شێرکۆ لەم کتێبەدا، جۆرە ئەدەبێکی داهێنا راستگۆییە" ئەگەر ئەوشتانە راستبن و بەرهەمی خەیاڵی خۆی نەبێت، شێرکۆ راستگۆییەکی رەهای داهێنا. ئەگەر شێرکۆ داخێك لە دڵی نەبێ دایرێژێت و بوختانی بۆ بکات، هەندێك پارسەنگی ئەو ژیانەی داوەتەوە، کە خەڵك وادەزانێت ئەدیب، یان تێکۆشەری سیاسی ئەبێت سەت لەسەت خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان بکات و واز لە ژیانی تایبەتی خۆی بهێنێت".

فوئاد رەوەند_ نووسەر، لە باسی پەیوەندی نێوان هەژار و شێرکۆدا سێ قۆناخ دەبینێت، قۆناخی یەکەم خۆی لە هەرەتی منداڵی و هەرزەکاری شێرکۆو دووری باوك و کوڕو برانی پەیوەندی لەنێوانیاندا دەبینێتەوە. دواتریش کە لە بەغدا پێك دەگەن، کاری رامیاری کوڕو باوك لێك دادەبڕێ و هەژار کەمتر لەماڵ دەبێت. شێرکۆ وا هەست دەکات بەرپرسی یەکەمی ماڵەو ئەو سەرپەرشتی دایکیەتی. بەمەش کوڕ رقی لە باوکی هەڵدەستێ، بەو مانایەی نەیتوانیووە ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ دابین بکات. لە بارەی قۆناخی دووەمی ئەو پەیوەندییەی نێوانیشیان فوئاد رەوەند وتی" لەو قۆناخەدا کوڕ دەچێتە ناو راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی و باوك لە چیا لە دژیان دەنووسێت. دواتر کە شێرکۆ دەبێت بە کاژێك چاوەڕوانی پاداشتە لە باوك. ئەو باوکەی



## هەژار پێیوتم شێرکۆ کوردی نووسێکی گەورەیە، بەڵام لە دژی من خامەکەی بەکار دێنیت

**فوئاد رەوەند**

بە هۆنراوەکانی سۆزی نەتەوایەتی جاڕ دەدات، کەچی هزری رامیاری کوڕەکەی بە نامۆ دەزانێ. ساڵی 1974 یش پەیوەندییەکانیان زیاتر ساردی تێدەکەوێت، کاتێك شێرکۆ لە باڵی چەپی کاژێك چالاکی دەنوێنێت".

لە باسی قۆناخی سێیەمیشدا ئەو نووسەرە دەڵێت" لەو قۆناخەدا شێرکۆ بە رێگای قاچاغ لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول روو دەکاتە ئەورووپاو لە هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، ئاگرینی براشی بە فەرمی دەگاتە ئەو وڵاتەو مامۆستا هەژاریش لە کەرەجی ئێران دادەنیشێت. لە دوای گەڕانەوەی ئاگری لە هۆڵەنداو بەجێ هێشتنی خوێندن و شیرزەیی بارودۆخی ناوبراو، هەژاری باوك شێرکۆی کوڕ بە بەرپرسیار دەزانێ، بەمەش نێوانیان بە تەواوی تێك دەچێ".

سەبارەت هەندێك دەستەواژەی نەرێنی نێو ئەو کتێبە رەوەند دەڵێت" هەندێ دەستەواژەی نێو هەردوو بەرگی یەکەم و دووەم لە ئەدەبیاتی پیس دەچێت، نە شیاوی خامەی رەنگینی

شێرکۆن، نە ڕەواشە بە هەژار بگوترێن. شێرکۆ ڕاستە دەستی خستۆتە سەر هەندێ خاڵی ڕاستەقینە، بەڵام لە کۆمەڵگای باوک سالاری کوردیدا ناشیاوە، هەرچەندە بوێرانەشە. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی شێرکۆ هاوڕام، کە مامۆستا هەژار وشەی ناشیاوی بەرامبەر هەموو ئەوانە بەکارهێناوە، کە لە بازنەی داخراوی ئەو دوورن، بەڵام خوێنەر دەبێ بزانێ ئەدەبیاتی پیس لە هەشتاکان و نەوەدەکان باو بووەو تا ئەمڕۆش بەردەوامە، ئەگەر هەژار یەکێکە لەوانەی بەکاری بردووە، نەدەبو لە سەدەی 21 دا شێرکۆ بە خامەی ڕەنگینی خۆی درێژەی پێبدات".

ئەو نووسەرە لە بارەی ئەو هەوڵەی شێرکۆ زیاتر وتی" شکور شێرکۆ لە دوای ماوەیەك دابڕان هاتە سەر شانۆ، بەڵام خۆزگە قەڵەمی خۆی بۆ کارێکی تر بەکار بردبا، من لە نزیکەوە ئاگاداری بەرهەمو ئاستی ڕۆشنبیری شێرکۆم، دەیتوانی بەرهەمی تر پێشکەشی پەرتووکخانەی کوردی بکات، نەك بۆ داشۆرینی باوکی، کە گشت تەمەنی بۆ وشەی کوردی تەرخان کرد".

زۆر کەس پێیان وایە لایەنێك لە پشت ئەم بەرهەمەیە، لێ ڕەوەند بەدڵنیاییەوە دەڵێت" لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە هیچ لایەنێکی ناکوردی لە پشت شێرکۆ نییە". ئەو وەك کەسێکی نزیك و ئاگاداری پەیوەندی نێوان ئەندامانی ئەو خانەوادیە بە کۆواری وت" بۆ مێژوو دەڵێم مامۆستا هەژار لە ژیانی دا بە منی گوت: شێرکۆ کوردی نووسێکی گەورەیە، بەڵام خامەکەی لە دژی من بەکار دەهێنێت".




## لە مێژووی نووسینی کوردیدا کتێبی هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری ڕچەشکێنە

هاوڕێ باخەوان

هاوڕێ باخەوان__ نووسەر و ڕۆژنامەوان، کە لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شێرکۆ هەژار هەیە، لێ کتێبی ( هەژاری مرۆڤ و دەورووبەری – کارەساتی کۆمیدیاییەك) بە کتێبێکی سەیر دەزانێت، ئەمە بەو مانایەی هەر کاتێك یەکەم بەشیت خوێندەوە، ناتەوێت وازی لێبهێنیت" سەیرییەکەی لەوەدایە تاوەکو ئێستا لە مێژووی نووسینی کوردیدا کتێبێکی لەو جۆرە نەنووسراوە، کە کەسێك بە دوو بەرگی کتێب باوك و کارەکانی باوکی بداتە بەر ڕێژنەی ڕەخنە. ڕەخنەکانیشی هەمەجۆرن و هەر لە ڕەفتارە خودییەکانی هەژارەوە دەست پێدەکات تاوەکو گاڵتەوگەپەکانی و هەستی پارەپەرستیو ژیانی سێکسی و زۆر کاری تر".

بە بڕوای باخەوان، هەژار یەکێکە لەو کەسانەی کاری زۆر باشی پێشکەش کردووین و هەموو ئەو کارانەشی کردوویەتی بە کاریزمایییەکی شیعر و نووسین و وەرگێڕانی کوردی"مرۆ پێش خوێندنەوەی ئەو کتێبە، هەژاری لا ئەو هەژارەیە کە هەموومان دەیناسین، هەژاری ئەندامی سەرەتایی کۆمەڵەی ژێکاف، هەژاری نزیك لە پێشەوا و ڕووناکبیری کۆمار، هەژاری هاوڕێی هێمن، هەژاری نزیك لە مەلا مستەفا بارزانی و شیعرەکانی بۆ ئەو، هەژاری (باشترین) وەرگێڕی شەرەفنامە و قانون در طب و زۆریتر". بەمەش بە بڕوای ئەو نووسەرە هەژار لە زاکیرەی تاکی کوردی وێنەیەکی کاریزمایی وەردەگرێت و دەڵێت" کاتێك یەکێك ناوی دەرکرد، ئیدی سەرۆك هۆز بێت، یان شاعیر و لە هەندێك باردا نووسەریش، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سەدەی ڕابردوو و پێشتردا جێدەستیان لەسەر ژیانی کوردەواری بەگشتی دیاربووە، دەست تێوەردانیان تابووە، لە زۆر باریشدا هەر ڕەخنەیەك یان هەڵەیەکی ئەو مرۆڤە بخرێتە بەرچاو، ئەوا کەس بڕوا ناکات و بۆ هەر ڕەخنەیەك هەزار و یەك پاساوت بۆ دێننەوە".



هەژار موکریانی


هاوڕێ باخەوان ئەم لێکدانەوەیە لە بەرامبەر هەژاریش دەبینێت و پێیوایە" ئەوێك ئەندامی سەرەتایی ژێکاف بووبێت و کەسی نزیکی پێشەوا و مەلا مستەفا بارزانی و ڕووناکبیری کۆمار و وەرگێڕی شەرەفنامە و دانەری هەمبانە بۆرینە بێت، ئیدی نابێت کابرایەکی پوولەکی بووبێت و ئەو ماوەیەشی لە بەغدا ژیانی بەسەر بردووە خەریکی منداڵبازی و سێکسی بەکۆمەڵ – گەلەگان بووبێت!.. کە شێرکۆی کوڕی لە کتێبەکەیدا باسی دەکات و هەندێکیشیان یان بەچاوی خۆی دیویەتی، یان بەڵگەی دابڕی بۆیان هەیە"..

لەگەڵ ئەوەی باخەوان پێیوایە لە هەندێك باردا (کێشەی دەروونی) بە نووسینەکانی شێرکۆوە دەبینرێت، لێ خودی کتێبەکە گومانی لا دروست دەکات، بەو مانایەی کتێبێکی ڕچەشکێنە لە مێژووی نووسینی کوردیدا و هیچ مرۆڤێکیش نییە هەڵەی نەبێت، ئەگەرنا لە مرۆڤی دەردەچێت. ئەو زیاتر لەم ڕووەوە قووڵ دەبێتەوەو دەڵێت" ئەوەی شێرکۆ دەربارەی باوکی نووسیویەتی ڕۆمان و چیرۆك نییە، بەڵکو ئەوانەیە کە لە باوکییەوە (دیویەتی) یان (بیستوویەتی)، یان خۆی شیکردنەوەی لەسەر کردووە، دیارە ناشبێت هەمووی هەڵبەستراو بێت".

# قەڵەمی کامێراکەی ئەوەی کێشاوە

# شێرکۆ هەژار:

# هەژار دەیویست هەر بە منداڵی بمێنێنەوە




رەنگە لەم چەند ساڵەی دواییدا هیچ کتێبێکی کوردی بە قەد" هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری_ یان کارەساتی کۆمیدیایەك_ی شێرکۆ هەژار" لای خوێنەر و دەستەبژێری کورد گفتوگۆو پرسیاری دروست نەکردبێت. شێرکۆی کوڕ لە دوو بەرگی ئەو پەرتووکەیدا لەسەر ژیان و پەیوەندی و مامەڵەی رۆژانەی شاعێرو وەرگێڕی کورد، هەژاری موکریانی باوك دەوەستێ و لە دیوی نادیاری ئەو مرۆڤە دەدوێت، کە میللەتێك بە مولكی خۆی دەزانێ و وەك زمانزان و نووسەرو کەسایەتییەکی ناسراو سەیری دەکات.

کۆوار لەتەك خستنەڕووی بیروڕای جیا سەبارەت ناوەڕۆکی ئەو کتێبە، کۆمەڵێك پرسیاریشی رووبەڕووی نووسەری ئەو کتێبە( شێرکۆ هەژار) کردۆتەوە.

**کۆوار:** نووسەرێك سەبارەت بە کتێبەکەی بەڕێزتان بۆ کۆواری نووسیوە و دەڵێت: لەبەر ئەوەی شێرکۆ لە باوکی توورەیە، بۆیە پەنای بردۆتە بەر لێدانی کەسایەتییەکەی. ئەو بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی نموونە بە چێشتی مجێور و بەرهەمەکانی تری دێنێتەوە، بەو مانایەی هەژار بایەخێکی وای بە کوڕەکانی و بە تایبەت شێرکۆ نەداوە. بەڕێزتان چۆن وەڵامی ئەو بۆچوونە دەدەنەوە؟

**شێرکۆ هەژار:** من ویستوومە بە قەڵەم وێنەیەکی پانۆرامایی بگرم و هیچ مەبەستێکی جگە لە وێنەگرتنم نەبووە. هێندێك جار هێندێك دیمەنم پێ جوان بوون و هێندێك دیمەنیشم پێ جوان نەبوون، رەنگە لە هەندێك شوێندا کەمێکیشم رووناکی پتر دابێتە هێندێك بەشی ئەو وێنەیەی کە گرتوومە، بەو نیازە کە یارمەتی دیتنی باشتر بدەم، بەڵام سنووری نێوان وێنەی کامێرا قەڵەممو هەستم دەربارەی وێنەی گرتوومەو روون کردنەوەش زۆر روون و دیار و ئاشکرایە. دەکرێت کەسێك هەستی ترو روون کردنەوەی تری دەربارەی ئەسڵی وێنەکەی هەبێت کە من خستوومەتە بەرچاوی. هەڵوێستی من لە هەژاری باوك و هەژاری هاوسەر، هێشتا نەهاتوومەتە سەری، بەتەمام لە بەرگی چوارەمدا باسی بکەم.

**کۆوار:** نووسەرێکی دیکە وەك سەرنجێك بۆ ئێمەی نووسیوە و دەڵێت: شێرکۆ نەیتوانیوە جیاوازی لەنێوان میتۆدی نووسین و گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤ بکات؟ ئایا بەڕێزتان هەوڵتانداوە کتێبەکە لە قاوخی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و فیکری و رەخنەیی خۆی ببینێتەوە، یان تەنها بریتییە لە نووسینەوەی تێبینی و باری سەرنجەکانت لەسەر باوکت؟

**شێرکۆ هەژار:** وەڵامی ئەم پرسیارەم رەنگە تا رادەیەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەممدا هەبێت. من، وەك لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیومە، لام وایە نووسینی کوردی هێشتا لە قاڵبی زۆر کۆندا قەتیس ماوە، من ئەو قاڵبەم شکاندووە، بیرم لەوە نەکردووەتەوە لە زاراوەسازی تەکنیکی نووسیندا دەچێتە چ خانەیەکەوە، یان ناچێت، با پسپۆرانی رەخنەگری لێرەدا بدوێن، بەڵکو زاراوەیەکی تریش بەم هۆیەوە پەیدابێت.

**کۆوار:** بۆچی لە چەند شوێنێکی کتێبەکە ناوی خانی برات و دایکی، بە کوڕی هەژار و خێزانەکەی هەژار دەبەیت، وەك بڵێیت ئەوانە براو دایکی تۆ نەبن؟

**شێرکۆ هەژار:** من پیاوێکم ناوم شێرکۆیە. پیاوێکی تریش هەبووە ناوی هەژار بووە و کەسانی تریش هەن، پێوەندیی خێزانی لێرەدا شوێنی نییە. ئەگەر بگەمە ئەو بەشەی باسی پێوەندی خێزانی تێدا دەکەم، بێگومان ئەوسا ئەو پێوەندییە دێتە ئاراوە، نەك لە دەرەوەی ئەوە.

**کۆوار:** ئەو کاتانەی کە ناوی خانی دەبەیت، بە کوڕە تاقانەکە و تاقە کوڕەکەی هەژار ناوی دەبەیت، ئایا ئەوە لەوە نەهاتووە کە هەژار پتر گرنگی بەو داوە و ئەو گرنگییەی بە جەنابت نەداوە؟



هەژار، شێركۆ هەژار، مەعسومە خان، زاگرۆس و ئاگری - ساڵی ١٩٦٢ لە ئەرشیفی گۆڤاری مەهاباد

**شێركۆ هەژار:** ئەوە تەنیا ئاماژەكردنە بە هەستی هەژار لە كاتی دەست پێ كردنی نووسینی چێشتی مجێوردا و هیچی تر. ئەوە لەو كاتەدا لە روانگەی ئەوەوە وەها بووە. من تا گەورە بووم، هەژار ئەوەندەی بە منەوە ماندووبووە، لەگەڵ هیچ كورێكی تریدا وانەبووە. كێشەی هەژار لەگەڵ ئەولاددا ئەوەبوو كە دەیویست منداڵ بمێننەوە، تەحەمولی پیاوێكی تری لەپاڵ خۆیدا نەدەكرد، لێرەدا تەنیا خانی ئەو ئارەزووەی بۆ پێكهێنا.

**كۆوار:** لە باسی پوولەكی و پارەپەرستی هەژار، پێتوانییە غەدرت لەو شاعێرە كردووە، بەو مانایەی كەسێك ئەوەندە ماڵی وێران بوو بێت و ئەوەندە لەپێناو شۆڕش و كوردایەتیدا ئەوجێ و ئەمجێی كردبێت. كەوابوو ئەو بڕوایە چۆن لای تۆ سەری هەڵداوە؟

**شێركۆ هەژار:** من وێنەی ژیانی ماڵی و رەفتاری هەژارم بە قەڵەمی كامێرا كێشاوەو بەشێكی گرنگی ئەو دیمەنەی وێنەم گرتووە، قسەكانی خۆیەتی لە چێشتی مجێوردا، مەگەر -بەنموونە – قسەی خۆی لەوێدا دەربارەی عومەر دەبابە، یا ئەوەی لەسەر بەرگی مەم و زینی نووسیوە، یان ئەوەی كە خانی دەربارەی بردنی هەنبانە بۆرینەكەی بۆ پاریس.. ئەوانە جگە لە فۆتۆكۆپی دۆكومێنتی، هیچی تر هەن؟

**كۆوار:** لە كتێبەكەت دا باس لە دوو دیو دەكەیت (گەڵ و ئاودەست)، ئایا پێتوانیە لەوەش دا غەدرت لێكردبێ، ئەمەش بەو مانایەی هەموو مرۆڤێك مافی ئەنجامدانی سێكسی هەیە؟

**شێركۆ هەژار:** من گوتوومە هەژار پێش هەموو شتێك كۆمیدیایەكی زۆر گەورە بووە، من ئەوە بە پێهەڵگوتنێكی زۆر گەورە دەبینم، بەڵام ئیتر گەڵ و ئاودەست دوو پایەی كۆمیدیایی بوون، ئەوە بە تەواوی لەوەی تۆ پرسیاری لێدەكەیت جیاوازە.

**كۆوار:** ئایا نووسەر مافی خۆی نییە لەبەرامبەر كارەكانی پاداشتی بدرێتەوە، چونكە سەرچاوەی ژیانی تەنها بەرهەمەكانیەتی، ئەی ئەگەر نەتوانێت مافی ئەو بەرهەمانەی داوا بكات، چ بكات؟

**شێركۆ هەژار:** من لێرەدا دەبێت هەمان وەڵامی پرسیاری پێنجەم بدەمەوە، ماف شتێكەو ئەو باسانەی من لە كتێبەكەدا باسم كردوون شتی ترن.

**كۆوار:** لەباسی كەسایەتییەكان دا زۆریان بە كەسانی نەشارەزا و دووروو وەسف دەكەیت، لە كاتێكدا ئەو كەسایەتیانە لە باشووری كوردستان كاریگەری زۆریان هەبووە، ئەم حاڵەتە چۆن لێكدەدەیتەوە؟

**شێركۆ هەژار:** مرۆڤ حەیوانێكی یەك لایەن نییە، چەندین لایەنی هەیە، گەورەترین قارەمانی مێژوو، تەنانەت خودایان لە فەرهەنگی یۆناندا دەبینین كە زۆر لایەنی ناپەسەندیشیان هەن.

**كۆوار:** لە باسی هاورێیەكانی هەژار، زۆر پەسنی هێمن دەدەیت، بۆ؟

**شێركۆ هەژار:** من كتێبم نە لە دژی كەس نووسیوە و نە بۆ پێهەڵگوتنی هیچ كەس، قەڵەمی كامێرام ئەوەی كێشاوە كە چاوم دیتوویەتی.

**كۆوار:** زۆر كەس ئەو كارەی بەرێزتان وەك بەرهەمێكی گرنگ و بە رچەشكێن ناو دەبەن و هەندێكیشیان بە هەبوونی گرێیەكی دەروونی بەرامبەر باوكت وەسفی دەكەن، ئایا لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە بەلای كامیان دەشكێیتەوە؟

**شێركۆ هەژار:** مرۆڤ لە كۆمەڵگای پەرەنەسەندوودا نابێت باسی كەسوكار و خزم و عەشیرەتی خۆی بكات، من هەڵوێستم لە نووسین جیاوازە. هەر بە ئەوەندە چونكە باسی كەسوكاری خۆم نووسیوە و پێم هەڵنەگوتوون، لە سایكۆنالیتیكدا بەشی ئەوە ناكات كە پێی بگوترێت كێشەی رەوانی، ئەوانەی وا دەڵێن كێشەی پەرەنەسەندوویی فەرهەنگیان هەیەو ئاگایان لە زانستی سایكۆلۆژی نییە.

**كۆوار:** نووسەرێكی تر لە بارەی ئەو كتێبەت دەڵێت: شێركۆ نەیتوانیوە تایبەتمەندی لەو كتێبەدا رەچاو بكات، بەو پێیەی تۆ رەخنەت لە هەموو دیوەكانی ئەو پیاوە گرتووە، هەم لە وەرگێرانەكانی هەم لە شیعر و هەمیش لە كەسایەتی و ژیانی تایبەتی، لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەدا چ قسەیەكت هەیە؟

**شێركۆ هەژار:** من لایەنی شاعیری هەژارم هەڵنەسەنگاندووە، هەر نموونەی شیعریم لە باسی پێهەڵگوتندا بۆ لایەنی پێهەڵگوتن بەكارهێناوە. هەنبانە بۆرینەم وەك هەر قاموسێكی تری هەر كەسێكی تر هەڵسەنگاندووە. شەرەفنامەشم بە ئەسڵەكە بەراوردكردووە و هەمووی بە بەڵگەی تەواو، ئەگەر كەسێك پێیوایە بە وردی پێوانەی زانستیم رەچاو نەگرتووە، دەبێت بەڵگەی هەبێت.